# برێخت، له دووڕیانی ستایش و سه‌رزه‌نشتی نووسه‌رێکدا !

ڕێبوار عارف

r-arif@welho.com

له‌مێژساڵه بابه‌ت و وتاری هیچ نووسه‌رو هونه‌رمه‌ندێکم به‌رچاو نه‌که‌وتووه که به‌باش یان خراپ له به‌رتۆلد برێختی نووسه‌رو شانۆکار بدوێ. له‌م ڕۆژانه‌دا له‌سه‌ر لاپه‌ره‌کانی بڵاوکراوه‌ی کوردستان ڕاپۆرت وچه‌ند ماڵپه‌ڕێکدا، به‌ڕێز نزارجاف بابه‌تێکی نووسیوه به‌ناونیشانی (برێخت...ئه‌و ناواداره‌ی که‌ئێستا له ئه‌ڵمانیا نایناسنه‌وه). ئۆباڵبه‌گه‌ردنم نووسه‌ر توانیویه‌تی له‌م وتاره‌دا ئه‌و باش وخراپه تێکه‌ڵکێشکاو له‌پاڵ که‌مێ پیاهه‌ڵدانی برێختدا، له سه‌رزه‌نشتکردنی ئه‌و هونه‌رمه‌نده مه‌زنه‌دا که‌منه‌هێنێ. برێختێك که له ڕێگه‌ی قوتابخانه‌که‌یه‌وه توانی به‌شێك له شانۆی جیهانی به‌دوای خۆیدا په‌لکێشبکا، به‌جۆرێك که هه‌روه‌ك نووسه‌ر ده‌ڵێ: (ئه‌م شانۆکاره مه‌زنه ڕێگه‌ی خۆی بینی بۆ هه‌موو شانۆکانی سه‌رانسه‌ری جیهان وله زانکۆ جیاوازه‌کانی جیهان، تیۆره شانۆییه‌که‌ی وه‌ك بابه‌تێکی سه‌ره‌کی ده‌گووترایه‌وه...) لێره‌دا ئه‌گه‌ر ته‌نیا ئه‌و په‌ره‌گراڤ پیاهه‌ڵدانه وه‌ك مه‌حه‌کێك له‌به‌رچاوبگرین، ئه‌وا ڕه‌نگه زۆرپێویست به‌ئاوڕدانه‌وه له‌م لایه‌نه‌ی باسه‌که نه‌بێ. به‌ڵکو ئه‌وه‌ی به‌لای منه‌وه جێگه‌ی تیاڕامانه زیاتر ئاوڕدانه‌وه‌یه له‌دیوه‌که‌یتری واته ئه‌و سه‌رزه‌نشتکردنه‌ی که‌تائه‌ندازه‌ی (ئیتهامکردن)یش هه‌لخلیسکاوه. ئه‌وه‌ی جێگه‌ی سه‌رنجه، سه‌رتاپای وتاره‌که نیشانده‌دا که یا نووسه‌ر په‌یبه جیهانبینی و ڕۆچونه‌کانی برێخت نابا، که تێزه‌کانی شانۆی مه‌لحه‌می له‌سه‌ر بنیادناوه، یا له‌چاویلکه‌ی بازاری ئازادو ڕوانگه‌ی ((کۆتای مێژوو))ه‌وه سه‌یری کارنامه‌ی برێخت ده‌کا.

که‌واته باشتروایه که پێکه‌وه چاوێك بگێڕین به گۆشه‌یه‌ك له‌باس و بۆچوونه‌کانی به‌ڕێز نزار جاف له‌مه‌ڕ برێختی شانۆکاره‌وه، که ده‌ڵێ: (...ئه‌وه‌ی که کاریگه‌ری نێگه‌تیفی بۆسه‌ر سنووردارترکردنی "خۆشه‌ویستی" له‌لایه‌ن ئه‌ڵمانی و ئه‌وروپیه‌کانه‌وه‌بوو ئه‌وه‌بوو که وه‌ك "کۆمۆنیستێك" ناوی زڕابوو ئه‌مه‌ش وای له جیهانی ئازادو دیموکراتی ده‌کرد که سڵی لێبکه‌نه‌وه‌و به هستیاریه‌کی ئه‌وتۆووه مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ نووسینه‌کانیدابکه‌ن. پێشده‌چوو ئه‌گه‌ر بهاتایه‌و برێخت ئه‌و پروپاکه‌نده‌یه‌ی به‌دواوه نه‌بووبایه، ئه‌وا هه‌ر له‌سه‌رده‌می جه‌نگی جیهانی دووه‌م وسه‌رده‌می جه‌نگی سارده‌ش ناوبانگێکی دیکه‌ی یه‌کجار جیاوازتری ده‌بوو. بێگومان ناتوانرێت نکۆڵی له هه‌واداری برێخت بۆ کۆمۆنیستی بکرێت به تایبه‌تی له‌سه‌رده‌می جه‌نگی جیهانی دووه‌مدا، به‌ڵام له‌هه‌مان کاتیش، ناتوانرێت به "کۆمۆنێستێکی مولته‌زیم" دابنرێت، چونکه گه‌واهی زۆر له ئارادان که گوزارشت له‌ساردوسڕی ئه‌و ده‌که‌ن له‌به‌رامبه‌ر به کۆمۆنیسته‌کان. ئه‌وه‌ی جێگه‌ی تێرامانه، برێخت له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پشتیوانی کۆمۆنیستی وه‌ك فکر ده‌کرد، که‌چی له‌هه‌مان کاتیشدا، خۆی دوور پاراستبوو له ناوه‌نده‌کانی ده‌سه‌ڵات له یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌تی جاران و له‌ولاتانی تری کۆمۆنیستی...). ئه‌مه‌ی لێره‌دا خوێنتانه‌وه کرۆکی به‌شێ له بۆچوونه‌کانی نزارجاف بوو.

به‌رله‌هه‌رشتێ ئه‌وه بڵێین جیاواز له‌وه‌ی که هه‌ر ڕه‌خنه‌گرێك بۆچوونه‌کانی چه‌نده دروست یا نادروسته، به‌ڵام به‌شێك له بنه‌ماکانی ڕه‌خنه‌گرتن، به‌ڵگه هێنانه‌وه‌و خستنه‌ڕووی فاکت بۆ سه‌لماندنی بابه‌ت و قانعکردنی به‌رامبه‌ره‌که‌ته، نه‌ك ته‌نیا ڕیزکردنی ڕسته‌و په‌ره‌گراف و ده‌ربڕینی بیروبۆچوون. نزار جاف به‌شێکی باسه‌که‌ی له‌مه‌ڕ ساردوسڕی برێخته له به‌رامبه‌ر به کۆمۆنیزمدا، به‌بێ ئه‌وه‌ی که ساده‌ترین به‌ڵگه‌و فاکت بۆ سه‌لماندنی بۆچوونه‌کانی خۆی بهێنێته‌وه‌و سه‌رباری ئه‌مه‌ش حوکمدانی برێخت به‌وه‌ی که کۆمۆنیستێکی مولته‌زیم نیه، به‌بێ خستنه‌ڕووی هیچ ڕونکردنه‌وه‌یه‌ك، به‌بڕوای من هه‌ڵڕشتنی ئه‌م جۆره قسانه زیاد له هه‌رشتێك هێمای هه‌گبه خاڵیبوون ونه‌ناسینی برێخته. مێژووی تیکۆشانی برێخت وه‌ك شانۆکارێکی کۆمۆنیست جیاواز له‌وه‌ی که کاریگه‌ریه‌کی به‌رچاوی هه‌بوو له محبووبیه‌تی کۆمۆنیزمدا، پیچه‌وانه‌که‌شی دروسته کۆمۆنیزمیش به‌هه‌مانشێوه کاریگه‌ری هه‌بوو له محبووبیه‌تی برێختدا. ناکرێ که‌سێك که به‌هۆی ده‌ربڕینی بیروراکانیه‌وه له ڕێگه‌ی نووسینه‌کانیه‌وه بێته یه‌کێك له ناسراوترین ئه‌ستێره‌کانی بواری هونه‌ری شانۆ، به‌ڵام له هه‌مانکاتدا هه‌ربه‌هۆی بیرورا‌و بۆچوونه‌کانیه‌وه له خۆشه‌ویستی که‌مبێته‌وه. هه‌قیقه‌ت ئه‌وه‌یه که‌سێك ئه‌گه‌ر به‌هه‌ڕاده‌یه‌ك ئاشنابێت به نووسنه‌کانی بریخت وبه‌تایبه‌ت ئه‌و بابه‌تانه‌ی که له‌بازنه‌ی شانۆی مه‌لحه‌مدان ده‌توانرێ وه‌ك گرنگترین پێوانه‌ی جێگه‌وڕێگه‌ی نووسه‌ر له‌به‌رچاوبگیرێ. وه‌هه‌روه‌ها مانایه‌ش تێگه‌شتن له‌و ڕاستیه‌ی که برێخت له‌بواری هونه‌ری شانۆیدا وه‌ك هونه‌رمه‌ندێکی کۆمۆنیست داهێنانی گه‌وره‌ی ئه‌نجامداوه کارێکی دژوارنیه. هه‌ڵبه‌ته ئه‌وه‌ش بڵێین که نزار جاف ڕاشکاوانه ده‌سته‌که‌ی خۆی خستووه‌ته ڕوو سه‌له‌ماندویه‌تی که ڕه‌خنه‌و سه‌رزه‌نیشته‌کانی له‌کام سه‌نگه‌ره‌وه‌یه. هه‌روه‌ك خۆی ده‌ڵێ: برێخت (وه‌ك"کۆمۆنێستێك"ناوی زڕابوو ئه‌مه‌ش وای له‌جیهانی ئازاد و دیموکراتی ده‌کرد که سڵی لێبکه‌نه‌وه...). جیاواز له‌وه‌ی که ئایا ماهیه‌تی بلۆکی یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت چیبوو، چه‌نده کۆمۆنیست بوو یانا، به‌ڵام کاتێك که نووسه‌ر باس له ئازادی دیموکراتی بوونی جیهانی ئه‌و سه‌رده‌م ده‌کا له‌به‌رامبه‌ر به بلۆکی یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت، ئه‌وا ئه‌مه ته‌نیا ده‌ستکورتی تێگه‌شتن وحالیبوون نیه له‌م شانۆکاره به‌ڵکوو ته‌فه‌کردنیشه له برێختی شانۆکار له‌سه‌نگه‌ری بلۆکی غه‌ربه‌وه. ئێسته

بابێنەوە سەر دوورەپەرێزو خۆپارێزی برێخت لەناوەندی دەسەلاتی یەکیەتی سۆڤیەت؟ بەدەرلەوەی کە ئاخۆ ئەم دەربڕینە لەسەر بنچینەی چ ڕاستی و زانیارییەکە، بەلام بەبڕوای من ئەمە ناتوانێت هیچ گۆمانێك لەسەر محبوبیەت ودوورو نزیکی برێخت لە کۆمۆنیزمەوە نیشانبدات. خۆئەگەر نووسەر بیووتبا کە برێخت کۆمۆنیستێکی (پرۆ ڕوسی) نەبووە، ڕەنگە نەك هەربۆچونێکی ئاسایی بووبێ، بەلکوو لەراستیدا ئەگەری پرۆڕوسی نەبوونی برێخت، لایەنی بەهێزی کۆمۆنیست بوونی نیشاندەدات. تەنانەت ئەگەر لەبواری هونەرو ئەدەبدا سنووری خۆی لەگەل مەکتەبی"ڕیالیزمی سیۆسیالیستی"و فەرمان یاساوڕێساکانی ( ژادانۆف، وەزیری ڕۆشنبیری یەکیەتی سۆڤیەت) جیاکردبێتەوە، بەهەمانشێوە خالێ بەهێزی برێخت نیشاندەدا. کارەساتەکە ئەوەبوو لەو قوناغەدا سەدان سیاسەتمەدارو ئەدیب و هونەرمەند بەهۆی هەلوێستگرتنیان لەبەرامبەر بە دەسەلاتداریەتی "یەکیەتی سۆڤیەت"ی ئەو سەردەمدا، کەوتنەبەر هێرشوپەلاماردان و بەئەنتی کۆمۆنیست ناوزەدکران، تەنیا لەبەرئەوەی کە دەسەلاتی ستالین و هاوشێوەکانیان وەك کۆمۆنیست پێقبول نەبووە. کەدیارە گەردوغوباری ئەم هەلوێستە ناتوانێ زەرەیەك لە کۆمۆنیست بوونی ئەو کەسانە خەوشداربکا.

برێخت لەکلاوڕۆژنەی هونەری شانۆوە خەلاقیەتی خۆی نیشاندا.

لەسەردەمانێکدا کە قەیرانێکی گەورەی ئابوری هەڕستی لە ژیانی خەلکی ئەلمان بڕیبوو، بەجۆرێك کە برسیەتی وبێکاری و هەژاری تەنگی بە ژیانی کرێکارو زەحمەتکێشی ئەو ولاتە هەلچنیبوو، برێخت دەستبەکاری داهێنانی ( **شانۆی مەلحەمی** )بوو وەك پێویستەیەکی گونجاو لەو قوناغەدا ئەم هەنگاوە توانی خالی وەرچەرخانێکی گەورەبێت لەبواری هونەری شانۆدا، بۆیە جێگەی خۆیەتی لەمبارەوە ڕونکردنەوەیەکی زیاتربدەین. برێخت لە شانۆی مەلحەمیدا بەرۆشنترین شێوە جیاوازی قوتابخانەکەی خۆی لەگەل شێوازو قوتابخانەکانی بەرلەخۆی نیشاندا بەتایبەت (درامی). برێخت دەوری دەخالەتگەرانەو وشیارانەی بینەری لە شانۆ مەلحەمیدا بەلاوە گرنگبوو، وەرازی نەبوو بەوەی کە بینەر بوونەوەرێکی دەستەمۆراکرو بێهەلوێست بێت. برێخت نایەوێت بینەر تەنیا پەنا بباتە بەر ڕووداوەکان و ملبدات بەواقعێك کە داسەپاوە، ڕازینابێت بەوەی کە بینەر لە مەودایەکی چەقیودا گیربکات و دەروازەیەك بۆ گۆانکاری پەیدانەکات. هەربۆیە شانۆی مەلحەمی وەك کردنەوەی پەنجەرەیەك بەڕووی بەردوامی گەشە کردنی ژیاندا خستەڕوو کە لەم سونگەیەشەوە برێخت دەیەوێ بەردەوامبوونی ژیان و ناسینی بەردەوامی ئینسان نیشانبدا. هەربۆیە ئەوەی نیشاندا کە داینەمۆ چەرخی گێڕانی شانۆی مەلحەمی، تەقەلای ئینسانە بە دوای گۆڕاندا. یەکێك لە خالە سەرەکی و کاریگەرەکانی داهێنانەکەی برێخت بۆ دەستئاوالاکردنی بینەرو دەخالەتی لە بەرهەمە شانۆیەکاندا، هەلپێچانی دیواری چوارەمی شانۆو پەیوەندی ڕاستەخۆی نیوان ئەکتەرو بینەربوو تا لەم ڕێگەیەوە دیالۆگ و بەدواچوون لەنێوان ئەکتەرو بینەردا دروستبکا. برێخت نارازی بوو بەو دۆخەی کەبالی بەسەر ژیانی مۆرفایەتیدا کێشاوە، بۆیە بۆخۆی دانابوو کە بۆ گوڕینی دەبێت بەرگری بکات و بچێتە مەیدانی شەڕی بەدەستهێنانی ژیانێکی باشترو شایستە بەئینسان. چەکی کاریگەری ئەم گۆڕانکاریەشی لە پراتیکی شۆڕشگێرانەی ئینساندا دەبینیەوە. برێخت باش لەو ڕاستیە حالێببوو کە شانۆ لەپال هەرجوانی وچێژو لەزەتبەخشینێکدا هاوکات وەك بەشێك لەسەرخانی کۆمەڵ ئەرك و ڕۆلێکی کۆمەلایەتی مەزنی لەسەر شانەو دەتوانی کاریگەریەکی فراوانی لە کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا هەبێت، وە هەربەم مانایەش توانی لە ڕێگەی هونەری شانۆوە خەلاقیەتی خۆی نیشان بدات. ئێستە بۆ ووردبوونەوە لەم ڕاستیانە چاکترە سەرنجی هێلە درشتەکانی ڕەخنەی برێخت، بدەین لە قۆتابخانە شانۆیەکەی بەرلەخۆی. ڕەنگە لەڕێگەی ئەم خشتەیەوە بتوانرێ ڕامانێکی زیاتر لە جیهانبینی برێخت بکرێت:

| شانۆی درامیی | شانۆی مەلحەمی |
|---|---|
| بینەر هەست و هۆشی ئاوێتەی ڕووداو دەبێ، بەرادەیەك ناتوانێ هەلوێستێکی ئیجابی لەتەك بابەتی شانۆکەدا بنوێنێ . | بینەر چاودێری ئەو ڕووداوانە ئەکا کە لەپێش چاویدا ڕوودەدەن بۆیە ئەتوانێ هەلسوکەوتێکی ئیجابی لەگەل بابەتی شانۆییەکەدا بکا. |
| بینەر هەست بە ڕووداو دەکا. | داوا لە بینەر دەکرێ بڕیار بدا . |
| بینەر ڕووەو شتێك دەبا. | بینەر ڕووبەڕووی شتێك دەکاتەوە. |
| بینەر هەست بەو تاقیکردنەوانە دەکا کە کەسانی شانۆگەییەکە تیدا دەژین. | بینەر ڕووبەرووی کەسانی شانۆیەکە دەبێتەوەو لە هەلوێستیان دەکۆلێتەوە . |
| ئادەمیزاد بوونەوەرێکی ناسراوە | ئادەمیزاد لێی ئەکۆلرێتەوە تا وەکو زیاتر بناسرێ |
| ئادەمیزاد مەودایەکی چەقیووی هەیەو گۆڕانی بەسەردا نایە | ئادەمیزاد قابیلی گۆڕان وگەشەکردنەوە لەبارێکەوە دەچێتە بارێکیتر |
| بیری کۆمەلایەتی دەست نیشانی بوونی کۆمەلایەتی ئەکا. | بوونی کۆمەلایەتی دەست نیشانی بیری کۆمەلایەتی ئەکا. |

**ماوەتەوە بڵێین، ئەگەر بەلای بەڕێز نزار جاف و دۆستانێکی هاوبیریەوە هێشتا ئەمەش کاڤی نیە بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستیەی کە شاخۆێنەبەری جیهانبینی برێخت ڕۆچوون و قوڵبوونەوەبووە لە کۆمۆنیزمدا. دەکرێت بەروارددێکی کرۆکی تێزەکانی برێخت لەبارەی شانۆی مەلحەمیەوە لەگەڵ بەشێك لە بۆچوون و تێزەکانی مارکس بکەین و لێرەشەوە بزانن کە برێخت ئیلهامی لەچی وەرگرتووە بۆدارشتنی تیزەکانی خۆی ؟.** ( تێزی دووەم: مەسەلەی ئەوەی کە ئایا، بیرکردنەوەی مرۆیی، ڕاستییەکی بابەتییە ( gegenstandliche) یان نا بەهیچ جۆرێك مەسەلەیەکی تیرۆری نییە، بەڵکوو مەسەلەیەکی عەمەلییە. پێویستە مرۆڤ لە پراتیکدا، هەقیقەت بسەلمێنێت، یانی واقیعیبوون وبەهێزیی بیرکردنەوەی و بە هەبوونی ( Diesseitigkeit) ئەم بیرکردنەوەیە، لەم دنیایەی ئێمەدا. مشتومڕکردن لەسەر واقیعیبوون ونەبوونی بیرکردنەوەی دابڕاو لە پراتیك، مەسەلەیەکی سکولاستیی پەتییە./ تێزی پینجەم: فۆیرباخ، کە بەبیرکردنەوەی ڕووت ڕازی نەبوو، پەنای بۆ تێڕامانی هەستی (حسی) ئەبرد، بەلام جیهانی هەستپیکراوی وەك بەرهەمی پراکتێکی دیاریکراوی مرۆڤ نەدەبینی./ تێزی هەشتەم: هەرجۆرە زیندەگییەکی کۆمەلایەتیی، لەناوەڕۆکدا، پراتیکە. ڕێگەچارەی ژیرانەی هەموو نهێنییەکان کە تیۆریی لە سۆفیگەریی دووربخاتەوە، لە پراتیکی مرۆیی وتێگەیشتن لەو پراتیکەوە، سەرچاوەی گرتووە./ تێزی یانزەیەم: فەیلەسوفەکان، بێجگە لە شیکردنەوەی جیهان بەشێوازی جۆراوجۆر، کارێکی دیکەیان نەکردوە، بەلام قسە لەسەر گۆڕینیتی). **ئەم چەند تێزەی کە لێرەدا خستمانە ڕوو دەتوانن جەوهەرو ناوەڕۆکی ئەو میتۆدو ڕەوشتە بە ڕۆشنی ببنینەوە کە چۆن برێخت ناسین وگۆڕنی دنیای کردوەتە کارکتەری چارەنووسازی قوتابخانەکەی خۆی. کەواتە ڕۆشنە بەجیا لەوەی کە ئاخۆ برێخت ئەندام وهەڵسوڕاوی حزبیکی کۆمۆنیستی بووە یان نا، بەلام ئەمە بەهیچ جۆریك نابێتە پاساوێك بۆ کەم ڕەنگکردنەوەی خەلاقیەتی برێخت وەك هونەمەندێکی کۆمۆنیست.**



**دواین پەرەگراڤی نزارجاف لەبارەی برێختەوە لەپڕ دەکەوێتە "ڕوئیای خۆشخەیاڵی"یەوەو دەلێ: (... بەڵام ، پێشی دەچێت ، لە ئایندەداو، لەکاتێکی حەشاردراو لەم سەدەیە یان لە سەدەی ئایندەدا، جارێکی دیکە ئەلمانیا بگەڕێتەوە بۆ بەرهەم ونووسینەکانی برێخت و ، لەوانەشە، جارێکی دیکە و سەرلەنوێ داهێنانەکانی بخەنە ژێر باس ولێکۆڵینەوە...). لەپاڵ هاوڕابوونمدا بۆ سەرلەنوێ ئاوڕلێدانەوەو گەڕانەوە بۆلای برێخت، بەلام ئەمەیان نە ڕێگەوتەو معجیزەیەو نە بیرکردنەوەی "جیهانی ئازادو دیموکراسی"یەکەی نووسەرە بۆ پاداشدانەوەی برێخت. بەڵکوو دووبارە قسە لەسەر پراتیکی ئینسان وسەرلەنوێ هەستانەوەی و گەڕانەوەی مارکس وچەپ وکۆمۆنیستەکانە بۆ سەر شانۆی ڕووداوەکانی جیهان و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەم بەربەریەتە مۆدرنەی ئەمڕۆ !**

- سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

نطرية المسرح الملحمي، نووسيني بەرتۆلد بريخت / تيزەکان دەربارەی فۆیەرباخ نووسینی کارل مارکس.

ئەم نووسینە لە هاولاتی ژمارە 453دا بلاوکراوەتەوە !